

# کرێکاری ژماره ٦٧٥٤٢


**یووسف مەریوانی**
**(بۆکان)**


زڕڕڕڕڕ
دەنگی زەنگی درگاکە بوو:
ژنێك لە ژوورەكەیەوە بە هەڵاتن ڕۆیشت بەرەو پیری مێردە كرێكارەكەی، بە خۆشحاڵییەوە درگای لەسەر كردەوە.
پیاوێكی چڵكن و ڕووناوی و ماندوو هاتە ژوورەوە و پێڵاوەكانی داكەند.
- تۆ كێی؟
- من مێردەكەتم
- تۆ مێردەكەم نی، مێردەكەم دەناسمەوە، ئەو كزە، تۆ قەڵەوی، ئەو چاوی شینە تۆ چاوت ڕەشە، ئەو قژی زەردە، تۆ قژت ڕەشە، ئەو ئەم بەیانییە ڕیشی شەش تیغ كرد، تۆ ڕیشت دوو مانگیشە نەتاشراوە، ئەو باڵابەرزە، تۆ كورتە باڵای، ئەو...
- من مێردەكەتم
پیاوە ڕۆیشت بۆ تواڵێتەكە و دەنگی جرتێكی بڵند هات، پاش ماوەیەك سیفۆنی كێشا و هاتە دەرێ.
ژنە حەپەسابوو نەیدەزانی چی بكا، هەر چاوی لەو پیاوە غەریبەیە بوو و هەڵی دەسەنگاند، بەڵام هیچ شێوەی مێردەكەی ئەوی نەدەدا!
پیاوە لەسەر كورسییەكە دانیشت و ڕۆژنامەی دەست دایە و دەستی كرد بە خوێندنەوەی لاپەڕەی ئاگادارییەكان.

ژنە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و زەنگی بۆ کارخانەی تەلەڤزیۆن سازی شارپ لێ دا. ئاخە مێردەکەی لەوێ کرێکار بوو.

- ئەلۆ، مێردەکەم کرێکاری ژمارە ٦٧٥٤٢ی کارخانەکەتانە ناوی ڕۆبێرت جیمسە، نیو سەعات لەمەوبەر شیفتی تەواو بووە، بەڵام کەسێکی تر کە هیچ لە مێردەکەم ناچێ و دەڵێ کە ئەو مێردەکەمە هاتووەتە ماڵەوە، بەڵام من مێردەکەی خۆم دەناسمەوە.

ڕۆبێرت کزە، ئەو قەڵەوە، ڕۆبێرت چاوی شینە ئەو چاوی ڕەشە، ڕۆبێرت قژی زەردە ئەو قژی ڕەشە، ڕۆبێرت ئەم بەیانییە ریشی شەش تیغ کرد، بەڵام ئەو ڕیشی دوو مانگیشە نەتاشراوە، ڕۆبێرت باڵابەرزە، ئەو کورتەباڵایە، ڕۆبێرت...

- ئەو مێردەکەتە.

تەلەفۆنەکە داخرا.

نەرم تەلەفۆنەکەی لە جێی خۆی دانا و ڕوانییە مێردەکەی وا مێردەکەی نەبوو، بەڵام مێردەکەی بوو!

ئەو لەبەر چاوی ژنەکەی وا ژنەکەی نەبوو، بەڵام ژنەکەی بوو! جلە پیسەکانی داکەند و ژێر شەڵوارێکی سپی ڕێ ڕێ و ئارەقگیرێکی شینی بەدرەنگ وا هەموو ئێوارەیەک ئەگە نەدەهاتەوە ماڵێ و لەبەری نەدەکردی، لەبەر کرد و جلە پیسەکانی دایە دەست ژنەکەی وا ژنەکەی نەبوو، بەڵام ژنەکەی بوو و کوتی:

بیانشۆ کەسم با بۆ بەیانی ویشک بنەوە.

- باشە دڵەکەم.

پیاوە ڕۆیشت بۆ حەمام و ئاوە گەرمەکەی بەردایەوە.

فیتوویەک ئاوازی سروودی کاتیۆشای بە ئارامی دەکوتەوە و دەنگی ئەو فیتووە لە ژوورەکەدا بە هێواشی و بە دزە دزەوە دەهات و نەدەهات، دەنگەکە دەلەرزی و کەم دەبووەوە تا ئەو کاتەی سەری بردە بن ئاوەوە و ئیتر دەنگی فیتوو نەهات!

ژنە جلەکانی برد و خەریکی شۆردنیان بوو، لەسەر سنگی کراسەکە ژمارەی٦٧٥٤٢ نووسرابوو.

جلەکانی ئاو کێشا و هەڵیخستن وشک بنەوە، ئەم جار ڕۆیشت و مێزی شامی چنی و لە پشت کورسییەکەی دانیشت، مەحتەل بوو تا مێردەکەی وا.... نەبوو... بەڵام... بوو، لە حەمام هاتە دەرێ و لە پشت کورسییەکەی وا هەمیشە لەسەری دانەدەنیشت، دانیشت و دەستیان کرد بە شام خواردن.

ئەو هەر ئەو چێشتەی بۆ لێنابوو وا زۆری حەز لێی بوو، بەڵام ئەمشەو جیاواز بوو... نازانم بۆ دڵێی حەزی لەو چێشتە نەبوو! هەر دوو کەوچکی خوارد و دوایی بە نانی وشک و لیوانێک ئاو خۆی تێر کرد.

ڕۆیشت لەسەر کاناپەکە دانیشت و تەلەڤزیۆنەکەی هەڵکرد، تەلەڤزیۆن خەریك بوو ڕیکلامێکی تەلەڤزیۆنی شارپی نیشان دەدا: ژن و مێردێك لەسەر کاناپەیەك دانیشتبوون، دەستیان لە ملی یەك کردبوو و چاوێکیان لە یەك کرد و بزەیەکی شیك و باکلاس هاتە سەر لێویان و زیاتر لە یەکتر نزیك بوونەوە و هاتن یەك ماچ بکەن، لەو کاتە ناسکەدا کوڕە منداڵێکی چاوشین خۆی خستە بەینیانەوە و لێی شێواندن و دەستی دایە ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە و تەلەڤزیۆنەکەی هەڵکرد، هەموو پێکەنین و چاویان برییە تەلەڤزیۆنەکە، لەو بنەماڵە بەختەوەرانە بوون وا لە دەرەوەی ڕیکلامەکان کەم دەبینرێن، یان ئەگەر بشبینرێن، ماڵی خاوەن کارخانەی شارپ و جیرانەکەی پەناشیان لەوانەیە ئاوا بەختەوەر بن.

ژنە شامەکەی تەواو کرد و قاپ و کەوچکەکانی هەڵگرت و بردنی و شۆردنی.

دواییش دوو ئیسکان قاوەی تێ کرد و ڕۆیشت بۆلای مێردەکەی وا...

- ئەوڕۆ کارخانە چۆن گوزەرا کەسم؟

- ئای دڵەکەم، بلێم چۆن؟ هێندێك کرێکار خەریك بوون یاخی دەبوون، یانی گوتیان نەخۆشییان گرتووە و نەخۆشییەکەیان ئاوا هاری کردوون، هەر لەبەر ئەوەش زوو بردیانن بۆ چارەسەر.

فەقیرانە وەك شێتیان لێ هاتبوو
- چییان دەکرد مەگە؟
- کچێ نازانم. باسی مافی کرێکار و شتی قۆڕ قۆڕیان دەکرد، دەیانگوڕاند، سروودێکی سەیریان دەگوت.
کچێ زۆر گوناح بوون، ئیشەڵا خودا شەفایان بۆ بنێرێ، دەستی پۆلیسیش خۆش بێ، نەیهێشت زۆر تێکەڵی کرێکارەکانی کە بنەوە، دووریان کردنەوە و بردنیان بۆ دەرەوەی کارخانە، ئاخە خەریك بوو هەموویان نەخۆش دەخست.
ژنە ڕۆیشتە فیکرەوە و بۆ چەند ساتێك بێ دەنگی وڵاتی داگرت.
- خانمەکەم بڕۆین بخەوین؟
بڕۆین؟
- ها؟
دەڵێم بچین بخەوین؟
- ئەها! ئەرێ ئەرێ! تۆ بڕۆ دڵی من، ئەوە منیش دێم.
پیاوە هەستا و بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە دیسان دەستی کردەوە بە فیتوو لێدانی ئەو ئاوازە، دەنگی دەلەرزی و کەم کەم دەنگی فیتووەکە دوورتر دەبووەوە تا گەیشتە ناو ژوورەکە و ئیدی دەنگی نەهات.
ژنەش ڕۆیشت بەرەو ژوورەکە.
چووە ژوورەوە و جلەکانی گۆڕی و جلی شەوی لەبەر کرد.
ڕۆیشتە ناو تەختەکەوە و پشتی کردە مێردەکەی وا... چاوی لەسەر یەك دانا و ویستی بخەوێ کە لە پشتەوە باوەشی پێدا کرد و لێوی نا بە ملیەوە.. ڕیشە زبرەکانی لە ملی دەخشا و پێستی ناسکی دەڕووشاند! دەنگی جیرەجیری تەختەکە دەستی پێ کرد و جار لەگەڵ جار خێراتر و خێرا تر و خێراتر و خێراتر و خێراتر و خێراتر و خێراتر و خێرا خێرا خێرا خێرا خێرا خێراتر دەبووەوە و پاش چارەگێك ئاه... جیرەجیرەکە تەواو بوو و پرخە پرخ دەستی پێ کرد.
پرخە پرخ تەواو بوو و باوێشکێکی بڵند ...

کەڵەشێرێکیش یەك بەخۆی قووقەی دەکرد، دەنگی بۆق و سیگناڵی ماشێنەکان لە دەمیان ڕاکێشا و ئیدی دەنگی نەبیسترا.
هەستا و ڕۆیشت بۆ ئاشپەزخانە و قاوەیەکی دروست کرد و نان و پەنیرێکی خوارد و قاوەکەی تا نیوە خوارد و جلەکانی لە تەنافەکە لێ کردەوە و لەبەری کرد و بەپەلە ڕۆیشت بۆ کارخانە.
پاش ماوەیەك ژنە لە خەو هەستا کە دوێنێ شەوی وەبیر دەهاتەوە کەمێك سەرسوڕماو بوو، هەستا خۆی ساز کرد و ڕۆیشت بۆ کارخانەی تەلەڤزیۆنی شارپ.
کە چووە بەر درگای ئەوێ، بیلبۆردێك و دوو ڕیزی بەرانبەر دوو درگا و درگایەك بەرانبەر بە چاڵێکی پان و بەرینی دیت...!
لەسەر بیلبۆردەکە هەر ئەو بنەماڵە بەختەوەرەی ناو ڕێکلامەکەی تێدا بوو.
ڕیزی یەکەم ڕیزێکی دووروودرێژ بوو لە کرێکارە نوێکان کە بەرەو ژوورەوەی کارخانە دەڕۆیشتن.
ڕیزی دووەمیش لە درگایەکەوە ڕیزێکی درێژتر لە ترانزیتەکان وا پڕ بوون لە باری تەلەڤزیۆنەکانی کارخانە، دەهاتنە دەرەوە و دەڕۆیشتن.
درگای سێیەم درگایەك بوو بەرەو زبڵدانێکی گەورە دەکرایەوە، چووە سەر زبڵدانەکە و هەزاران کرێکاری مردووی فڕێ دراو و بۆگەنیوی تێدابوو.
لەو بنەوە پیاوێکی ڕەق و تەقی سەر زەردی چاوشینی ڕیش تاشراویش دەمی لەسەر دەقی پشت کرابووەوە و مێش و مەگەس بەناو دەمیدا هاتوچۆیان دەکرد.

**پاییزی ١٣٩٨ (٢٠١٩ز)**